## لە لوتکەی ئەمەریکی- عەرەبی و ئیسلامی

# نووسەرێکی میسری: عەرەب زەرەرمەندی یەکەم و ئیسرائیلیش براوەی گەورە دەبێت



**ئاژانسەکان- کارزان حەیدەر:**

چاوەڕێ دەکرێت سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بانگهێشتنامەکەی سعودیە قبووڵ بکەن بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لوتکەی ئەمریکی-عەرەبی و ئیسلامی لە ریاز،پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئامانج لەو لوتکەیە و سەردانەی ترامپ چییە و ئومێدەکان بەو سەردانە چییە؟ لە یەکەم سەردانی دەرەوەی خۆیدا دوای گەیشتنی بە کۆشکی سپی، دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆتایی ئەم هەفتەیە سەردانی سعوودیە دەکات دوای بانگهێشتنامەی شای سعوودیە شا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز کە بۆ18 سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناردویەتی بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم ئامادەی لوتکەی ئەمەریکی-عەرەبی و ئیسلامی بن کە بڕیارە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو 21ی ئایاری 2017 دەستبەکارەکانی دەکات و زانراویشە تا ئێستا سەرۆک و پاشاکانی هەریەک لە تورکیا و کوەیت و میسر و قەتەر و بەحرەین و عەممان و یەمەن و ئەندەنوسیا و ئەردەن و مەغریب و ئازەربێجان و تونس و عێراق و سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی و سەرۆکوەزیرانی لوبنان و مالیزیا و بەنگلادیش بانگهێشتەکەیان بەدەست گەیشتووە.

### ئاوەکە دەچێتەوە ڕێڕەوەکەی خۆی؟

شای سعوودیە دەڵێ: سەردانەکەی ترامپ هەوڵێکە بۆ باشکردنەوەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە چەندین بواردا و ئاماژەیەکە بۆ دەستپێکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگییەکان لە نێوان هەردوو لادا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش کە پەرە بە ئارامی و ئاسایشی جیهان دەدات. خێزانی دەسەڵاتداری سعوودییە ئومێدێکی گەورەتر لە ترامپ بەدی دەکەن پاش گرژبوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا لە سەردەمی باراک ئۆبامادا،ئێستا سعوودییە هەوڵی ژیاندنەوەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا دەدات لەگەڵ هەماهەنگییە سەربازی و ئابوورییەکان، هاوکات دڵنیان لەوەی ترامپ لە پشتی سعوودییەوە دەبێت، شای سعوودیە ئومێدی بەوە هەیە لوتکەی ئەمریکی-عەرەبی و ئیسلامی لوتکەیەکی مێژوویی دەبێت و هاوبەشێکی نوێ دروستدەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و بڵاوکردنەوەی ڕۆحی لێبووردن و پێکەوەژیان و پەرەپێدانی ئارامی و ئاسایش و هاوبەشی خزمەتگەیاندن بە ئێستا و داهاتووی گەلەکەیان، شارەزایەکی ئەڵمانی پێی وایە سعوودییە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو هاوبەشە دەدات کە لەلایەن ئەمریکاوە بە نرخترینیانە لە ناوچەکە.

### ئێران ئامادەیەکی ون بووە

ئاشکرایە گرژییەکانی پەیوەندی سعوودییە و ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی باراک ئۆبامادا بوو، ریاز بینی گفتوگۆکانی ئەمەریکی-ئێرانی لەسەر حیسابی هاوبەشیەتی ئەمەریکا و سعوودییە کە درێژەپێدەری هاوبەشییەکانی پێشترە و ئۆباما بە مەبەست لە بۆشایی ناوچەکە نوێی کردەوە کە ئێستا ئێران لە نێویەتی، ئەوەش بەپێی ئەوەی گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی)ی بەناوبانگ بڵاوی کردۆتەوە، ریاز لە ئیدارەی ترامپ بانگێکی گەورە دەبیستێ کە لەگەڵ نیگەرانییەکانی (دەستوەردانی ئێران) تێکەڵ دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ فشاری بەرپرسانی ئەو ئیدارەیە بە تۆمەتبارکردنی تاران بە دروستکردنی ئاژاوە و نا ئارامی لە ناوچەکە کە دەیانەوێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن. سبستیان زونس توێژەری کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ سیاسەتی دەرەوە لە بەرلین زیاتر گوتی: شا سەلمان ئومێد دەکات کارەکانی داهاتوو لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت لە نوێوە، مانگی هەنگوینی ئەمەریکی-ئێرانی کورتیش شتێک بێت لە ڕابردوودا. لەبارەی کێبڕکێ هەرێمییەکانی نێوانیان و شەڕەکانیان بە وەکالەت، زونس پێیوایە سعوودییە ئامانجیەتی بەشار ئەسەد لەناو ببات، هاوکات داوای پشتیوانی زیاتر دەکات بۆ دەستوەردانی سەربازی لە یەمەن.

### ئیسرائیل براوەی یەکەم

شارەزا ئەڵمانییەکە پێیوایە سعوودییە بەهێزەوە دەیەوێت لە ئیسرائیل نزیک بێتەوە کە هەردووکیان ئێران بە هەڕەشەیەک لەسەر خۆیان دەزانن، سعوودیە پێیوایە ئێران هەڕەشەیەکی زۆر گەورەترە لەسەری وەک ئەوەی لەسەر ئیسرائیل بێت بەپێی ئەو قسەیەی کە دەڵێ: دوژمنی دوژمنم دۆستمە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی میسری فەهمی هوەیدی لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەی (الشرق المصری) ڕۆژی دووشەممە 15ی ئایاری2017 بەناونیشانی (ترامپ ئەگەر لە سەردانەکەیدا ترامێکمان پێ بفرۆشێ (نووسیوەیەتی و دەڵێ: سەردانەکەی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی عەرەبی هیچ سوودێک بە عەرەب ناگەیەنێ، بەڵکو بە بەرژەوەندی ئەمەریکا دەشکێتەوە لە ڕێگەی گرێبەستە ئابوورییەکان،هوەیدی زیاتر گوتی: عەرەب زەرەرمەندی یەکەم دەبێت لەو سەردانەدا،ئیسرائیلیش سەرکەوتووی گەورە دەبێت.

## هەڵبژاردنی ئێران لە ژێر گومانی دیموکراسییەتدا

# چاودێرانی سیاسیی: هەڵبژاردنی ئێران تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕیی کەسە نەک ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات



**ڕێکان سەباح**

وابڕیارە دوازدەیەمین خولی هەڵبژادنی سەرکۆماری ئێران و پێنجەمین خولی ئەنجوومەنی شار و گوندەکانی ئێران ڕۆژی هەینی 19ی ئایاری 2017 و لە 31 پارێزگای ئێران و لە 63 هەزار ناوەندی دەنگدان بەڕێوە بچێت، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران ئەنجوومەنی پاسەوانی دەستووری ئێران، شیاویەتی 6 کەسی پەسەندکرد کە بریتین لە حەسەن ڕۆحانی، ئیسحاق جەهانگیری، موستەفا هاشمی تەبا، ئیبراهیم رەئیسی، محەممەد باقر قالیباف و موستەفا میرسەلیم، بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئێران کە دوو لەو کاندیدانە بۆ بەرژەوەندی ئەوانی تر کشانەوە، لە سەرۆکایەتی کۆماری ئێراندا. بە گوێرەی دواین ڕاپرسییەکان، حەسەن ڕۆحانی جارێکی تر شیاوی دەرچوونی لە هەمووان زیاترە کە لە بەرەی میانڕەوەکانە، بەڵام ئەوەی کە بۆتە جێگای سەرنج میدیا جیهانییەکان، بۆنی وتارەکانی کاندیدانی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەیە کە لە دژی یەکتر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن باسی لێوە دەکەن.

### پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بایکۆت

ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدایە کە تەواوی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا هەڵبژاردنەکانیان بایکۆتکرد و ڕایانگەیاند، کە هەڵبژاردنەکانی ئێران هیچ شتێک بۆ کورد ناگۆڕێت و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ئەنجام نادرێت، قسەکانی ئەم پارتانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاردانەوەی لێکەوتەوە هەم ڕەخنەی لێگیرا و هەم پێشوازی لێکرا، ڕەخنەکانیش دابەشی سەر دوو ئاراستە بوونە، بەشێکیان پێیانوایە دەبا بە موتلەقی بایکۆت نەکەن، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆککومار بایکۆت بکەن، ئەوە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆ ڕێژەی دەنگی کورد لەناوچەکاندا، بۆ پاراستنی سنووری کوردستان لە ئێران گرینگ بوو، بەڵام هەندێکی تر کە پێشوازی لە بایکۆتی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، پێیانوایە بڕیارێکی گرنگە و هیچ گۆڕانکارییەک لە ئێران بە هەڵبژاردن دروست نابێت، چاودێرانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە، هەڵبژاردن لە ئێران بە مانای دیموکراسی نایەت، چونکە هەڵبژاردن بە تەنیا ناکاتە مانای دیموکراسی، ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات، تەنیا ئاڵوگۆڕی کەسێکە نەک دەسەڵات، واتە شەخسێک بە یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی بەسەر سیستەمی سیاسیی و مافی مرۆڤ و تێڕوانی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا نییە، بەپێی دەستووری ئێرانیش، هیچ کوردێک ناتوانێ ببێتە سەرۆککۆماری ئێران، چونکە یەکێک لە پیوەرەکانی بەربژێرەکان پرسی مەزهەبە، هەرچەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردی شیعەش زۆرن، بەڵام لە ماوەی سی و هەشت ساڵدا، هیچ کوردێک شیاوی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری پەسەند نەکراوە.

### کاندیدەکانی ئێران جەهەنەمی وتارەکانیان

کاندیدەکانی سەرۆککۆمار لە ئێران لەوتارەکانیاندا وێنەیەکی وێرانی ئێرانییان بۆ هاوولاتییانی ئێران گواستووەتەوە، ئەمەش کاردانەوەی ناوەخۆی لێکەوتووەتەوە، حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆمار و کاندیدی سەرۆککۆماری ئێران کە لە بەرەی میانڕەوەکانە، موحافیزەکارەکانی وڵاتەکەی بە زیادکردنی بارگرژی و دواخستنی وڵات تۆمەتبارکرد. دەڵێ کاتێک ئێمە سەرقاڵی گفتوگۆ بووین، لەگەڵ جیهان، کەسانێک لە پشتەوە گورزیان لە ئێمە وەشاند. ئارامان گرت. نامانەوێت دووبارە ئێران مەحکومی گۆشەگیری ببێتەوە. دەمانەوێت گشت گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵگیرێت. بەڵام کەسانێک لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەمەیان ناوێت، قسەکانی ڕۆحانی کاردانەوەی جیاوازی لەم هەڵبژاردنە لە لایەن موحافیزەکارەکان لێکەوتەوە هەروەها ڕکابەرکانی بەپێی ئاژانسەکانی ئێران سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و توێژینەوەی پەرلەمانی ئێران، محەمەد مەهدیزاهیدی ڕایگەیاندووە کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بڕوانامەی دکتۆرای ڕوحانی پێکهێنراوە، ئەمەش لەسەر سکاڵانامەی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایان ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر کەلانتەری، مەهدیزاهیدی ڕایگەیاند لە سکاڵانامەکەی ئایەتوڵڵا کەلانتەریدا، حەسەن ڕوحانی لە بەشی چوارەمی تێزی دکتۆراکەیدا دزیکردنی زانستی لە چەند بەشێکی پەرتووکەکەی ئایەتوڵڵادا کردووە

### ڕاپرسییەکانی ئێران

بەپێی ڕاپرسییەکانی ئێران بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، پێدەچێت حەسەن ڕۆحانی لە گەڕی یەکەمی هەڵبژاردندا 43%ی دەنگەکان بە دەستبهێنێت، هەروەها بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییانە، بۆ یەکەمجار ڕێژەی دەنگەکانی ئیبراهیم رەئیسی پێش دەنگەکانی محەمەد باقر قالیباف کەوتووە. پێدەچێ رەئیسی 26.7% قالیباف 24.6%ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن. بەڵام بۆچوونی چاودێرانی سیاسی ئێران کە لەئاژانسەکانی ئێران خراوەتەروو، ڕاپرسییەکان بۆ کاندیدی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، لەسەر بنەمای نەبوونی کاندیدی شیاوی لە بەرامبەر حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێرانی و کاندیدی ئێستا نییە، ئاماژە بەوەشدەکەن کە حەسەن ڕۆحانی پابەندی بەڵێنەکانی نەبووە، بەڵام لەبەر بێ هێزی کاندیدەکان دەنگەکان هەر بۆ حەسەن ڕۆحانییە، ئەمە لەکاتێکدایە کە باس لەوەشدەکرێت ڕێژەی بەشداری خەڵک لەو هەڵبژاردنە ئەگەری زۆرە کەم بێت.

### مەرجەکانی کاندیدی سەرۆککۆماری ئێران

هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی لە دەرەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بۆی نییە بەشداری هەڵبژاردن بێت و پێش ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە بجێت، شیاویی بەربژێران بە چەند فلتەری پالاوتندا تێدەپەڕن، واتە پێشتر ناڕاستەوخۆ لە لایەن ئەنجوومەنی دارشتنی دەستوورە کە لەڕاستیدا نوێنەری ڕێبەری ئێرانن دەپاڵێورێن و ئەو کەسانەی لەگەڵ ڕوانگەی سیستەم و حکوومەتدا هاودەنگن دەستنیشان دەکرێت و هیچ بەربژێرێکی پەیڕەوی ئایین و مەزهەبی جیاواز لە شیعە ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار، چونکە بەپێی دەستوور مەزهەبی فەرمیی وڵات شیعەیە، هەروەها، ڕێگە نادرێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراو و نێوەندە نیودەوڵەتییەکان چاودێری بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، چونکە ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتەکەی لە قەڵەمی دەدات.



### لە واشنتۆن شەڕ لە نێوان پاسەوانەکانی ئەردۆغان و لایەنگرانی پەیەدە ڕوویداوە

بە گوێرەی هەواڵێکی کوردستان 24 لە بەردەم شوێنی نیشتەجێبوونی باڵیۆزی تورکیا لە واشنتۆن، هاوکات لەگەڵ سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا بۆ ئەمەریکا، گرژی و شەڕ لە نێوان دوو گرووپ درووستبووە و پاسەوانەکانی ئەردۆغانیش هاتوونەتە ناو کێشەکەوە و سەرەنجام پێکدادان ڕوویداوە و لە ئاکامدا 9 کەس بریندار بوون و2 خۆپیشاندەریش دەستگیر کران. بە گوێرەی زانیارییەکانی میدیاکانی ئەمەریکا، پاسەوانەکانی سەرۆککۆمار، بەرپەرچی خۆپیشاندەرانیان داوەتەوە و بەو هۆیەوە لە ریزی خۆپیشاندەراندا ژمارەیەک کەس بریندار بوون. لە لایەکی دیکەوە، دستین سترینبیگ، گوتەبێژ بە ناوی پۆلیسی واشنتۆنی پایتەختەوە ڕایگەیاند ئاڵۆزییەکە لە نێوان دوو گرووپدا ڕوویداوە، یەکێک لەو گرووپانەش ئاڵای پارتی یەکێتی دیموکرات "پەیەدە" یان پێ بووە، ئەوانی دیکەش ئاڵای تورکیایان هەڵگرتبوو. هەروەها گوتیشی: ئەو دوو کەسەی دەستگیرکراون، بەهۆی ئەوەوە بووە هێرشیانکردووەتە سەر تیمەکانی پۆلیس. دروستبوونی کێشەکە هەمان ئەو ڕۆژە بووە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوەی هەبووە.

### سالم شەبەک: هێزە عێراقییەکان ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوارەکانی دەشتی نەینەوا

نوێنەری کوردانی شەبەک لە پەرلەمانی عێراق ساڵم شەبەک دەڵێ، هەبوونی هێزی جۆراوجۆری سەربازی و ئەمنی لە دەوروبەری مووسڵ ڕێگرە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ دەشتی نەینەوا. سالم شەبەک بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: 'بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە ئاوارەکانی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم ئاوارە گەڕاونەتەوە، هۆکارەکەیشی بۆ ڕەوشی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری دەگەڕێتەوە، چونکە لە ڕووی ئەمنییەوە ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ هێشتا مەترسیان لەسەرە و هەبوونی ئەو هەموو هێزە چەکدار و حەشدە ڕێگرە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان، چونکە مەترسیی پێکدادانیان هەیە و پێویستە تەنیا یەک هێز ئەرکی پاراستنی ناوچەکە لە ئەستو بگرێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا چەندین هێزی جیاواز هەن. دەشڵێت: هۆکارێکی دیکەی نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری دەگەڕێتەوە، فەرمانگەکانی حکوومەت دەستیان بە چاککردنەوە و ڕاکێشانی کارەبا کردووە، بەڵام خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و شارەوانی نییە، کارەباش تەنیا بۆ سەنتەری شارەکانی وەک باشیک و بەرتللە و قەرەقوش دەبێت و گوندەکان لە کارەبا بێبەشن و پێویستە کار بۆ گوندەکانیش بکرێ.